# ئایا كیشەی كەركوك لەریگای لیژنەی مادەی 140 چارەسەر دەبیت؟

**ئاسۆكەمال**

هەروەك خۆتان دەڵێن كێشەی كەركوك كێشەی هەموو كوردێكە ، واتە كێشەی كەركوك و كێشەی كورد لە عیراقدا ناكرێت لەیەك جیابكرێتەوە و پیكەوە گرێدراون. هەربۆیە كێشەی كەركوك بە مادەی 140ی دەستور چارەسەر ناكرێت چونكە بەبێ چارەسەری كێشەی كورد لە عیراق لە بنەڕەتدا هەر مادەیەكی وەك 140 چارەنوسی نادیارە. كێشەی كوردیش لە عیراقدا لانی كەم لەم نزیك بە 4 سالەی دوای روخانی بەعسدا سەلماوە كە بەفیدرالی حەل ناكرێت و دەستوریش كە لە چوارچیوەی ئەم فیدرالیزمەدا دانراوە ئایندەی نادیارە و هەر ڕۆژەی سونە داوای گۆرینی بەدیكی دەكات و ئەمریكاش فشار بۆ یەكێتی وپارتی دەهێنێ قبوڵی بكا. هەربۆیە مەسەلە لیژنەكەی كاك قادر عزیز نیە ئیش دەكەن یان نا؟ مەسەلەی كەركوك بەپێی مادەی 140 دراوەتە دەست پرۆسەیەك كە تەوازنی هێزی نیوان شیعە وسونە و كورد و هەلویستی ئەمریكا و هەولەكانی توركیا و وولاتانی ناوچەكە دەیبرینیتەوە. 4 ساڵە باس لە ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی كەركوك دەكرێ بەلام كەركوك لە هەموو كات ویرانتر و نائارامتر و ئاوارەكانی لە خراپترین و نائینسانی ترین بارودۆخدان. هەربۆیە چارەسەری كێشەی كەركوك پەیوەندی بە چارەنوسی كوردستانەوە هەیە و بەجیا ئیمكانی چارەسەری نیە و نەبەشەڕ دەتوانرێ لە ئیستادا بخریتە سەر كوردستان و نە ریگای ئاشتیشی لەبەردەمدایە بۆ یەكلایی كردنەوەی چارەنوسەكەی. كوردستان خۆی چارەنوسی لە عیراقدا دیاری نیە تاكو بتوانێت چارەنوسی كەركوك یەكلایی بكاتەوە.

هەربۆیە ئێستا پیویستە رفراندۆم لەكوردستاندا بكرێت تا خەلك بریار لەسەر چارەنوسی كوردستان و جیابونەوەی لە عێراق بدات. كێشەی كەركوك بەبێ دیاریكردنی چارەنوسی كوردستان حەل ناكرێت و بەرپاكردنی شەڕ لەسەر مادەی 140 كێشەی كەركوك دەسپێرێ بە شەڕێكی نەبڕاوە كە كۆتاییەكەی دیارنیە و دەیكاتە بەشێك لەو شەڕەناوخۆییەی ئێستا لە عیراقدا هەیە.پێویستە رفراندۆمی كەركوك هاوكاتی رفراندۆمی كوردستان بكرێت كە چارەنوسی كوردستان و كەركوك پیكەوە یەكلایی بكرێنەوە. جیابونەوەی كوردستان فرسەتی لەبار بۆ هەلبژاردنی خەلكی كەركوك دەكاتەوە كە بریار بدەن دەچنە پاڵ كام دەوڵەت ،دەولەتی سەربەخۆی كوردستان یان مانەوە لە عێراقی داگیركاری و شەڕدا. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە لەئێستادا بۆ خەڵكی كەركوك ئەوەیە كە ئایا بەسەر كام حزب وهێزانەدا دابەش دەبن ، شیعە یا سونە یا كورد.ئەمە لەواقیعدا كەركوك دابەش دەكات و ڕێگەی چارەسەری كێشەی كەركوك نیە. هەربۆیە كەركوك بەشێك لەكێشەی كوردە لەعێراقدا و دەبێت پێكەوە ئەم دوو كێشەیە بە دوو رفراندۆمی پیكەوەگریدراو چارەسەر بكرێن و رفراندۆمی كوردستان دەبێت پێش رفراندۆمی كەركوك بكرێت و رفراندۆمی كەركوك بەبێ رفراندۆمی كوردستان ناتوانێت چارەسەری كێشەی كەركوك بكات و ڕێگا وبەدیلیك بداتە دەست خەڵكەكەی تا بتوانن بەدروستی بریاری لەسەر بدەن بەشیوەیەكی سیاسی و شارستانیانە ئەنجامی بدەن و پرۆسە و ئاكامەكەی شەڕی قەومی نەخولقێنێ. بۆچی یەكێتی وپارتی نایانەوێت كێشەی كورد لە عیراقدا چارەسەر بكەن و رفراندۆم لە كوردستاندا بكرێ بەڵام ئامادەن شەڕ لەسەر رفراندۆمی كەركوك بكەن ؟ ئاشكرایە ئەوان كێشەی كەركوك بەوەدەزانن كە نەخراوەتە سەربەشە دەسەلاتی ئەوان و مەسەلەیان چارەسەری كێشەكەی نیە. هەرچۆن دەسەلاتی ئەوان لە كوردستاندا جێگیرە و پیویستیان بە رفراندۆم لە كوردستاندا نیە لەكاتیكدا 99٪ خەلكی كوردستان جیابونەوەی دەوێت.